# سکرتێری گشتی سازمانی خەبات پێشوازی لە سکرتێری دوولایەتی کوردستانی کرد



ڕۆژی دووشەممە ١٤ی بانەمەڕی ١٣٨٨ــ ٤ی مەی ٢٠٠٩، بەڕێز کاك بابەشێخی حوسێنی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە بنکەی ڕێبەرایەتی سازمان بە ئامادە بوونی کاك محەممەد محەممەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کاك عەلی بەهرامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی پێشوازی کرد لە بەڕێزان کاك ئەمیری قازی سکرتێری پارتی سەربەخۆیی کوردستان و کاك ڕێکار ئەحمەد سکرتێری حیزبی ڕزگاری کوردستان.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا باس لە ڕووداوە سیاسیەکانی کوردستان کرا.

جێگەی ئاماژەیە بەڕێز مامۆستا سەید جەلال الدین حوسێنی امەزرێنەری سازمان و کەسایەتی تێکۆشەر و ناسراوی گەلەکەمان ئامادەی بەشێك لە کۆبوونەوەکە بوو.

***

# لەیادی شەهیدان مامۆستا ئارام و هاوڕێیانیدا

سیامەند

مەلانی جوان بە هاتنی وەرزی بەهار بە ئاوازی خۆش لە پێ دەشتی بۆکان و لە یەکشەوە شادییان دەگێرا و مژدەی هاتنی بەهاری ڕەنگینیان بە هاونیشتمانانی غەمبار وستەملێکراو دەدا. بەفر لە پشتی یەکشەوە و ئەحمەئاوا، دەتواوە و بە دڵی زەویدا دەچوەخوار و هەزاران بە تینی هەتاو لەشیان گەرم دادەهات، بەرخ و کاری ساوا هەڵبەز و دابەزیان بوو بەو سروشتە ڕازاوە شادییان دەگێڕا.

کیژ و کوڕانیش دڵخوش بوون بەوەی لە بەهاردا بە کەژ و کێودا دێن و دەچن لە گەڵ هەڵکەندنی کەنگر و گێلاخە و چاوتووتکە و گژوگیا هەوای بێگەردی بەهاریان هەڵدەمژی و سۆزیان دەکرد.

لەگەڵ ئەوەی شاری بۆکانی ڕازاوەی مەکۆی ئەدیبانی کوردپەروەر وەك زۆر شاری نیشتمان بە هێزی ڕژیمی ئاخوندی ئابلۆقە درابوو، شەمشەمەکوێرەکانی پارێزەری ستەم وتاریکی ژیانیان لە خەڵك تاڵ کردبوو. لە بەرانبەردا پێشمەرگە دلێرەکان پارێزەری نیشتمان، هەڵو بەرزەفڕەکانی کوردستان، ڕۆڵە دڵسۆزە پاك و بێ گەردەکانی سازمانی خەبات بەگژ دژمندا دەهاتنەوە. هەر لەو پێوەندەدا، تەشکیلاتی بۆکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی مامۆستا سەید عەبدوللا ئارام دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی هەبوو لە ووشیار کردنەوەی زیاتری جەماوەر و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم و خۆفرۆشان لە ناوچەی بۆکان. مامۆستا سەیدعەبدوللا ئارام لە گەڵ ئەوەی ئەندامی کومیتەی ناوەندی سازمان و بەرپرسی تەشکیلاتی بۆکان بوو، لە هەمان کاتدا لە مەیدانی نەبەرد لە بەرانبەر دژمنی غەداردا لە هیچ سڵی نەدەکردەوە، هەروەها لە پاریزگاری لە سازمانی خەبات لە بەرانبەر نەیاران دا فیداکاری دەکرد و لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا پێشەنگی هێرش بەران بوو.

تێکۆشەران وشەهیدانی وەك ماموستا سەید عەبدوللا ئارام، شەهید مام سلیمان سلیمانژاد، شەهید کاك عوسمان عەبو و شەهید کاك محەمەدشینانی، شەهید کاك سادق زندی، شەهید حوسین ساحبنەزە، شەهید کاك مەحمەد خالیدی و دەیان شەهیدی خۆشەویست وقارەمان بەخوێنی پاکیان سەنەدی حەقانیەت و ڕەوای سازمانی خەبات وجوڵانەوەی ئازادیخوازیی کوردستانیان مۆر کرد و بە خۆراگرییان لە بەرانبەر نەویستانی سازمان و پاوانخوازاندا وێستان و سەنگەریان بەرنەداو پاریزگاریان لە بوونی سازمان دەکرد.

داخ و هەزاران داخ، ماموستا سەید عەبدولا ئارام و هاوڕێیانی لە شانزدەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦١ لەدوای ئەوەی خۆفروشێك شوێنی مانەوەیان بە هێزەکانی ڕژیم رادەگەیێنێ، دەکەونە ئابلۆقەی دژمنەوەو لەگەڵ ئەوەی مقاومەت و ئازایەتێیکی کەم وێنەیان نیشان دا و ژمارەیێکی بەرچاو لە هێزەکانی ڕژیمیان بە سزا گەیاند، تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی پڕ ڕێبواری ئازادیخوازی و سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بوون.

هەزاران سلاو لە روحی پاکی شەهید ماموستا سەید عەبدوللا ئارام و شەهیدانی یەکشەوە و تێکڕای شەهیدانی سازمانی خەبات و شەهیدانی کوردستان.

***




# لە پێوەندی هەولێری سازمانی خەبات پێشوازی لە سێ حیزبی کوردستانی سوریە کرا



ڕۆژی پێنج شەممە ١٧ی بانەمەڕی ١٣٨٨، کاك بیهروز ئەردەڵان لێپرسراوی نوێنەرایەتی سازمانی خەبات لە هەولێر و کاك بورهانی شاهمورادی و کاك ڕەحمان پوورکەریمی کادری پێوەندیەکان، پێشوازیان کرد لە بەڕێزان: کاك عەلی شەمدین نوێنەری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریە لە هەرێمی کوردستان و د مەحمود عربۆ نوێنەری حیزبی ئازادی کوردی سوریە لە هەرێمی کوردستان و کاك شوان چۆڵی ئەندامی پارتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریە.

لەم چاوپێکەوتنەدا لە سەر دۆستایەتی زیاتر و هاوکاری پێداگری کرایەوە.

# کار و چالاکانی ئەندامانی سازمانی خەبات لە شاری بانە



ئەندامان و دۆستانی سازمان لە شاری بانە بە شێوەیێکی بەربلاو کاری تەبلیغیان بەرێوەبردوە و شیعارەکانی تەحریمی نمایشی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم لە ناو شاردا بلاو بۆتەوە.

ئەو گەرەك و شوێنانەی کاری تەبلیغی تێدا کراوە بریتین لە:

مزگەوتی قازی، شەقامی ئینقلاب و دەورووبەری، گەڕەکی مزگەوتی



مامۆستا شێخ جەلال الدین، پاساژی خدری و دەورووبەر، بەردەم موخابرات، گەرەکی پادگان، شەقامی سلێمان بەگ، مزگەوتی بەختیاری و تەپەی سوغانان.

# دڕێژەی ڕاگەیێندراوی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات لەسەر دەیەمین شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لەئێران

مەگەر ئاخوند کەروبی لەرابردوودا سەرۆکی مەجلیسی ڕژیم نەبوو؟ مەگەر نوێنەری تایبەتی ڕێبەری ڕژیم نەبووە و ئەندامێکی هەڵسووری دەسەڵات نەبوو؟ ئەی ئەو کاتە بۆ هیچ قسەیێکی بە قازانجی خەڵکی کورد و باقی گەلانی مەزلوومی کوردستان نەدەگووت؟ ئاخوند کەروبی لە هێرشی هێزەکانی ڕژیم بۆسەر شارودێی کوردستان لەرادوێ و تەلەیزونی ڕژیم گەلی کوردی بە کافر دادەنا و هێرشی دەکردە سەر ڕێبەرانی کوردستان و یەکێك لەپشتیوانانی سەرەکی خومەینی بوو.

بەو بەڵگە سەرەتاییانەی کە باس کران و بە پێی ئەو زانیاریانەی کە خەڵکی کوردستان لەباندەکانی دەسەڵاتداری ئاخوندی هەیانە، هیچ هومێدێك بە باش بوونی وەزع و گۆران لەسیاسەت و شێوەی دەسەڵاتداری لەئێراندا بە دی ناکرێ.

هەر بۆیە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، جارێکی دیکە داوا لەهاونیشتمانانی بەرێز دەکا، لەنمایشی هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرۆك کۆماری ڕژیم بەشداری نەکەن و ئەو نمایشە گاڵتەجارییە کە تەنیا بۆ هێشتنەوەی ڕژیمی سەرکوتگەرە و هەوڵدانە بۆ بەقانوونی کردن و مەشروعیەت پێدان بە دەسەڵاتی ئاخوندەکان تەحریم بکەن. ڕێبەرایەتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران داوا لە ئەندامان و لایەنگرانی لەناوخۆی کوردستان دەکا، بەوپەری توانا هەوڵ بدەن بۆ ئاگادار کردنەوەی جەماوەر لەپیلان و فریوکاریەکانی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی با هەموو پێکەوە لەپێناو تەحریمی نمایش هەڵبژاردن و رسواکردنی ڕژیمی ئاخوندی تێ بکۆشن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی

٢٦ی بانەمەر ١٣٨٨ کۆچی خۆری

# ئانفلۆانزای بەراز چیە و نیشانەکانی چین؟

یەکەم سەعاتی ڕۆژی شەممە ٥ی بانەمەڕی ١٣٨٨بوو کە ووشەی "ئانفلانزای بەراز" لە ڕاگەیێنەکاندا بەرچاو کەوت، ووشەیێك کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بوو بە سەردێری سەرەکی هەواڵەکان. چی ئانفلانزاییێکی سادەی ئەندە مەترسیدار کردوە؟

تووش بوون بە ئانفلانزای بەراز لە ڕۆژانی رابردوودا، بۆ یەکەم جار لە مکزیك بینرا و دوایی لە ویلایەتەکانی باشووری ئەمریکا چەند تووشبوونێك بیندرا. بە هۆی ئەو نەخۆشیەوە ٧٩ کەس مردوونە و نزیك بە ١٠٠٠٠ کس تووش بوونە. بانکی جیهانی بۆ بەرنگاری ئەو نەخۆشیە، ٢٢٥ ملوێن دولاری پێشکەش بە دەوڵەتی مکزیك کردوە.

ئانفلانزای بەراز نەخۆشییێکی زۆر ئاسایی و سادە لە دەزگای نەفەس کێشانە. ئەو ویروسە لە بەرازیشدا بە قەد مرۆڤ هەیە و بە ئاسانی و زوو دەگوازرێتەوە بەڵام زۆر کەم کەسی تووش بوو دەمرێ.

جا چ شتێك ئەو ویروسەی کردوە بە ویروسێکی مەترسیدار؟ ویروسی بەرازیش وەك باقی ویروسەکانی دیکە خۆی دەگۆڕێ. ئەگەر ئەو بەرازانەی تووشی ئانفلانزا بوون، هاوکات تووشی ئانفلانزای مرۆڤ یان پەلەوەر بن، ئەو ویروسانە دەتوانن لە لەشی ئاژەڵدا پێکهاتەی خۆیان بگۆڕن. بەو شێوەیە جۆرێکی نوێی ویروس دروست دەبێ کە پێك هاتووە لە جۆری مرۆڤ و جۆری ئاژەڵ. ئەوە هەر ئەو ڕووداوەیە کە وێدەچێ سەبارەت بە ویروسی ئێستا ڕووی دابێ.

ویروسی نوێ یەکێك لە جۆرەکانی "H1N1" ە. N و H کورت کراوەی ووشەی (Neuramimidase) و (Hamagglutinin) ناوی دوو سلولی ویروسەکەن. بە گشتی ١٦ جۆر لە Hamagglutinin و ٩ ژێرمەجموعەی لە Neuramimidase هەیە کە دەتوانن پێکەوە پێکهاتەی جۆراوجۆر پێك بێنن. جۆری "A H1N1" ویروسی ئانفلانزا بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٣٠ی زایینی قورەنتێنە کرا.

**ڕێگەکانی بلاوبوونەوە ویروسی ئانفلانزای بەراز و نیشانەکانی تووش بوون:**

ویروسی ئانفلانزای بەراز دەتوانێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە بەرازەوە بۆ مرۆڤ یان بە پێچەوانەوە بگوازرێتەوە.

ئەوەی تا ئێستا ڕووی داوە لە بەرازەوە بۆ مرۆڤ گوازراوەتەوە. بە پێی ڕاپۆرتەکان، لە مکزیك دا تا ئێستا ٤ جار لە مرۆڤ بۆ مرۆڤ گوازراوەتەوە. گواستنەوە لە مرۆڤ بۆ مرۆڤ وەك گواستنەوەی هەڵامەت سەرمابوونی ئاساییە، و لە ڕێگەی پشمین و کۆکەوە ڕوودەدا.

بڵاو بوونەوەی ئەو ویروسە لە جیهاندا مەترسییێکی دیکەیە کە لەو بارەوە ووریایی دراوە. ئەو ویروسە دەتوانێ لە ڕێگەی موسافیرەکانەوە بۆ وەڵاتانی دیکە بگوازرێتەوە. بە پێی ووتەی مارگارت چان، سەرۆکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) دۆزینەوەی نەخۆشیەکە بۆ خۆی دەتوانێ مەترسییێکی جیهانی بێ. ئەگەری زۆرە کە زۆرێك لە خەڵك لە بەرامبەر جۆری نوێی ویروسەکەدا ئاسایشیان نەبێ. بەڵام ئەوەی کە ئایا ئەو جۆرە هەڵامەتە چەندە مەترسیدارە، بە پێی ووتەی کارناسان لە ڕۆژانی داهاتوودا دەردەکەوێ.

بەپێی راگەیێندراوی ناوەندی پێشگیری لە پەتاکانی ئەمریکا، ئانفلانزای بەراز لە ڕێگەی خواردەمەنیەوە ناگوازرێتەوە. بەڵام بۆ دڵنیایی زیاتر دەتوانرێ گەرمای گۆشتی بەراز تا ٧٢ دەرجە بگەیێنن. بەو شێوە ویروسەکە بە تەواوی لە ناو دەچێ. نیشانەکان هەر وەك نیشانەی هەڵامەتێکی ئاساییە، تا (تەب)، هەست کردن بە ماندوویەتی، بێ ئیشتیایی و پشمین. هێندێ لە نەخۆشەکان هەروەها ئاو لە لووتیان دەتکێ و قورگیان دێشێ و حاڵەتی ڕشانەوەیان هەیە. ئیسحاڵی لەگەڵ هێڵنج لە ئانفلانزای بەرازدا توندترە لە جۆرەکانی دیکەی هەڵامەت.

چ دەرمان گەلێك لە بەرامبەر ئەو نەخۆشیەدا بە کەڵکە؟

بە پێی راگەیێندراوی (CDC) ئیدارەی سلامەتی ئەمریکا، دوو دەرمانی "Tamiflu" و "Relenza" کە دەرمان گەلێکی بە کەڵکن بۆ بەرنگاری ئەو ویروسە و تەواوی جۆرەکانی ئانفلانزای بەراز.

هەر چەند تا ئێستا هیچ دەرزیێکی بە کەڵك بۆ ئەو نەخۆشیە نەدۆزراوەتەوە. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ناوەندی پێشگیری لە پەتا لە ئەمریکا ویرووسی "H1N1"یان قورنتێنە کردوە تا بۆ دروست کردنی دەرزی بدرێن بە داروسازەکان.

***